**به ( بەربەر) پێشکەشە.........**

## پێشەکی:

خوێنــەری خۆشەویــست ، لــەپاش دیــوانی یەکــەمم بــەناوی (قەدەر) ساڵی (٢٠٠٣)و چاپی دووەمــی (٢٠٠٥)وتبــووم کەرەنگە ئەمە دواین شــیعرو قــسەی دڵــی مــن بێــت، بــەڵام ئەمجارە عشق، گریان، فرمێسك، هەناســەی کــورتی شــیعری وایانلێکردم ئەم دیوانە نوێیە کەپڕاو پڕە لەئاوات‌و گەشبینی‌و ئایندە، دوور لەستایلی شیعرەکانی پێشووترو دیوانی (قەدەر) کە زۆر لەخوێنەرانم پێیانوتم".ئەو هەموو قەدەرو گومان بــۆ!؟ ئەو هەموو رەشبینەیە بۆ؟.

دەزانم ئەمجارەش رەنگە دیسان خوێنەران لەســەرەتاوە بڵــێن، ئەم هەموو گەشبینەیە، لەپای چی؟.

بەڵام رەنگە دواین رستەو شیعری من لەم دیوانــەدا شــاهیدی ئەوەبن کەهێشتا نەقەدەرو نەگومان، لەشــیعری مــن‌و کــۆڵۆ دڵی من نەبونەوە، نەمنیش توانیم واز لەگومان‌و قەدەر بێنم، ئــەوەش راســـتە "کەچـــارەنووس بـــەملی مرۆڤەکانیـــەوەو راکردنیش جگە لەگێلی ناکەتە هیچی تر"

س.م . فایتسن" لەرۆمانی "پەڕ"دا دەڵێ "جاری وایە عـشق ئادەمیزاد ترسنۆك دەكات" ئەوەش راسته عـشق، زۆرجـار مرۆڤ گەشبین دەكاتو هەنـدێك جـاریش وەهـا ترسـنۆكی دەكات كەپەی بەساتەكانی قەدەرو گومانو رەشبینی نابەیت، بەكورتی رەنگە بتخلەتێنێت.

ئەوەش هەر راسته كەدەوترێ "واقیعی نییه گەر بلێین شـیعر بەتاڵه لەعشقو خۆشەویستی و ئیحساسی لایەنی بەرامبـەر"، بەڵام مانای ئەوەش نییه كەشعیر تـەنهاو تـەنها دەلالـەت بـێ لەعیشقێك، وەكو چۆن ئەم شیعرانه ماناو مـەدلونی جیـاواز هەڵدەگرن و ساتێكو لەحزەیـەك بـووە لەعیـشقو ئـەوینو گریانێك كەوایكردوە شیعرێك بێته بوونو بەرهەم.

نوسەرێك دەڵێ :"چەند سەختە، بەتاسەی خۆشەویستەیەكەوە بمری كەدەزانێ هەرگیز پێ ناگەی" كەواتا گوناهی نالی چـی یـە كـەوا دەكـات بـۆ حەبیـە؟ گونـاهی مەولـەوی چـی یـە وادەكات، بۆ خاتوو عەنبەر؟ جگەلەوەی ئـەوە نـاخی پـاكی نالیو مەولەویە، پڕ لەپڕە لەئەوینی یارەكانیان.

**بازگر**

**سلێمانی**

**بەهاری ٢٠١٠**

## له بابەت دیوانی (چاوەکانی باران)ەوە

### "لـەپشتی زۆربەی شیعرە گەورەو عاشقانەکانەوە، مەعشوقێکی بێ وەفا هەیە کە بەدیهێنەری شیعرە جوانەکانە"

شیعر، ناخی عاشقە کە دوای تواندنـەوەی لـەپێناو مەعـشوقدا لـەدایك دەبێـت، بۆیـە مـن دەڵـێم "لـەپـشتی زۆربـەی شـیعرە گـەورەو عاشـقانەکانەوە، مەعـشوقێکی بـێ وەفـا هەیـە کـە بەدیهێنەری شیعرە جوانەکانە"

فروغ فـەروخزاد شـاعیری ئێرانـی دەڵێـت "شـیعر خواسـتەو میوانێکی بێ ئاگاهانەیە لەرووبەڕووبوونەوە لـەگەڵ مەعـشوق، شیعر جووتێکە کەتەواوکەری منە، بێئەوەی ئازارم بدات "

بەبڕوای زۆربەی شارەزایانی بواری شـیعری، "شـیعری نـوێ" کەوەزنو قافیەی نییە لـەشیعری عەروزی گرانترو پلـەی بـاڵای شیعری عەروزییە، هەروەها کەلـەشیعرەکانی شاعیرانی گەورەی کورد وەك عەبدوڵڵا پەشێو، یان شـاعیرانی ئێرانـی وەك "نیمـا یوشیج" کەبەباوکی شیعری نوێ ئێران ناسراوە، ئـەم شـێوازی نووسینە لـەشیعرەکانیاندا بەرچاو دەکەوێت، شاعیرێك لـەبواری شیعری عەروزی نەپەڕێتەوە، ناگاتە دونیای شیعری نـوێ، فیتـز گێراڵدا دەڵێت "لـەشیعری نوێدا گرنگ وتنی شـتی گەورەیـە، بەرێی ئاسان، یان بەزمانی سادە"

بۆیە دەبینرێت کەئەم شیعرانەی "ئا.بازگر" زۆربەیان کـورتن و بەکەمترین وشە مەبەستی سەرەکی شاعیر گەیـشتوە بەخوێنـەر، گرنگیو جوانی شیعری پوخت، هەموو کاتێك زادەی کەمترین وشەیە.

کاتێك تۆ شتێك بەرامبەر کەسێك دەنوسیتەوە، بەهەر زمانێـك بێت، گرنگ ئەوەیە تۆ خۆت رەها دەکەیت لەو حاڵە، دڵنیای لەوەی کەسـێکت خۆشویـستووەو دەتـوانی بیکـەی بەشـیعر، جێگـەی ئاماژەیـە بڵێـێن، شـیعری نـوێ، بـەهۆی شـتە سەرەکییەکانییەوە باس لەشتە لاوەکییەکان ناکـات، هـەر بـەم هۆیەیش راستەوخۆ ناچێتە ناو بابەتەکەوە، گرنگ ئەوەیە کـەتۆ واقیعەکانی سەردەم پشتگوێ نەخەیت، لەشیعری نوێدا گرنگـە کەچۆن ئەو وشـانە پێکـەوە بگونجێنیـتو ئـەم سـنوورە لـەناو شیعرەکانی (ئا.بازگر)دا بەدیـدەکرێت، شـیعری نـوێ ئاسـۆی بەرینە، بۆیە بەردەوام لەگەشەکردندایەو هەموو رۆژێـك رۆژی لەدایکبوونییـەتی ، نەففـەری دەڵێـت "هـەتا ئاسـۆی بیـنین بەرینتربێت، بواری دەربڕین تەسکتر دەبێتەوە".

ئا.بازگر لەدیوانی یەکەمی بەناو "قەدەر" باسی ئەوەی کردبـوو کە "زۆر حەزو رازو نهێنی وان لەدڵما، کەرەنگە جـارێکی تـر نەیان درکێنمو بەخۆزگەیی بمێننەوەو نەبنە واقیع "باسی لەوەیش کردبوو رەنگە دیوانی قەدەر دوایین شیعرو قسەی دڵـی بێـت، بەڵام بۆ جارێکی تر حەسـرەتو بـیرەوەری یادەکـانی پێـشوو

لەگەڵ گریانیو تەمەنی سارێژ لە خۆشەویستی وایلیێکرد کەئەم دیوانە کەپڕە لەئاوات و گەشبینیو ئایندە، بهێنێتە بەرهەم بۆ هەمووان، دیوانەکە پڕە لەهەست و خۆزگەو ئارەزوو بۆ داهاتوو" بڕوامواپە کەمانەوەی هەر یادگاریەك رابردوویەکی پڕ لەسۆزو حەسرەت دێنێتەوە یاد" بۆ (ئا.بازگر) و خوێنەرانی ئەم دیوانە.

شیعر لە ناخ و هەست و نەستی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت، بۆیە دەبێت شاعیر راستەقینە ئاواتەکانی خۆی تێدا بەرجەستە بکات، ئەگینا پێش هەموو کەسێك خۆی فریو دەدات.

کە دانیشتم دەستم کرد بە خوێندنەوەی ئەم شیعرانە، هەر دێرێکم دەخوێندەوە لەوی تر سەرنج راکێشتر بوو هەموو وشەکانی بە درێژایی تەمەن پڕ مەعنان، تەسویری ژیانی کەسێك پڕ لە هیوای فڕین بەرامبەر ئەو کەسەی خۆشی ویستوە، قسەی شاعیرانە، بیری پیاوانەی "ئا.بازگر" بەرامبەر بە مەعشوق، ئەم دێرە پڕ هەستانە لە قوڵایی شیعردا بۆ واقیعەکانی ژیان سەرگەردانن، بۆیە ئەوە شیعرە کە شاعیر ناچار دەکات چاو لە ناپاکی و تاوانەکان بپۆشێت و لەگەڵ شتە جوانەکانی ژیان بیانوسێتەوە.

شیعرەکانی "ئا. بازگر" ناخی شاعیرانەی ئەوە کە مەبەستی ئەوەیە بگاتە خوێنەر، بۆیە خوێنەر ئازادە لە بڕیاردان، هەندێك جار دەتوانین بڵێین شیعر پەیوەندی نێوان شاعیر و کۆمەڵگایە،

یان دەرەنجامی ناکۆکی نێوان شاعیر و کەسێکە کەشاعیر پەنا دەباتە بەر نوسینی شیعر، هەروەك ئەم شیعرانە کە لەناو راستیەکانی ژیاندا هەڵقولاون.
لە ڕواڵەتی شیعرەکانی "بازگر"دا دیارە، مەعشوق تێنەگەیشتوە لەم هەستانە ، بۆیە لەناو هەڵبەستەکاندا شێوازی نوسینەکان گۆڕاون و خۆشەویستەکەی شاعیر بە کەسێکی دڵڕەق ناوبراوە، هەروەها باس لەوانەش دەکات کە شاعیر هەموو شتێکی لە پێناو مەعشوقدا لەدەست دا بۆ گەیشتن بەو، بەلام بەپێچەوانەوە ئەوپەڕی دڵشکان بەنسیب شاعیر بووە، لەلایەن خۆشەویستی ناو شیعرەکانەوە.
جێگەی ئاماژەیە هەندێك جار شاعیر لە ڕێگەی زمانی شیعرەوە بەرامبەر بە خۆشەویستی دەدوێت و بە زمانێکی ئەدەبی وەڵامی هەموو ئەو زمان زبریە و قەدرە ناشایستەی کە بەرامبەری کراوە مەبەستی خۆی دەگەیەنێت بە مەعشوق و پێی دەڵێت“ "تۆ شایەنی ئەو هەموو خۆشەویستیە نەبووی، بۆیە ئاماژەی بەوە داوە کە لەژیانیدا سڕیویێتەوە، هەروەك لە یەکێك لە شیعرەکاندا دیارە، ئەزمونەکانی شاعیر جۆرێك هەستی بێزاری لای دروستکردوە، کە ئەوەی ئەم شیعرانە بخوێنێتەوە تێدەگات کە ژیانی شاعیر پڕ بوە لە خواست و ئارەزوو بۆ داهاتوو، بەلام بە پشتگوێخستنی هەموو ئارەزوەکانی بێزاری بەرامبەر بە مەعشوق لەلای دروستبووە، خوێنەر یەکسەر هەست بەوە

دەکات کە شاعیر وێڵی پێناسەی خۆیەتی و بیر لەوە دەکاتەوە کە هەڵەی لە کوێوە بووە، کە توشی کەسێك بوو کە باش نەیناسیوە و بۆچی بەرامبەرەکەی هیچ کات هەوڵی ئەوەی نەدا خۆی بگۆڕێت بۆ ژیان لەگەڵ شاعیردا، بۆیە بەبێ وەفایی خۆیی، روحە جوانەکانی لەناو هەستەکانی شاعیردا کوشتووە و ڕێزی بۆ ئەو خۆشەویستیە دانەناوە کە لەپێناو دلّبەردا شاعیر تەمەنێك پڕ لە ئارەزوی لە دەست چوو.

"بازگر"هەولّی داوە شیعر بکاتە پردێك، بەلاّم لەزۆربەی شوێنەکاندا شیعر بووە بەدیوارێك لەمابەینی خۆیو بەرامبەرەکەیدا کەبەبڕوای من (چاوەکانی باران) لێرەدا مەبەست ئەو دیوارەیە کەدروستبووەو کۆتاییهێناوە بەهەموو شتێك، شاعیر لەم شیعراندا هەروەها کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا، زۆر بەڕاشکاوانە هەستی خۆی بۆ خۆشەویستەکەی دەربڕیوە، و قەناعەتم وایە کەمەعشوقی شاعیر هەستی بەو دەروونە پڕگرکانە نەکردووە، بۆیە دەبوایە دولّبەر لەپێناو ئەم عەشقەدا هەموو ژیانی بەهەموو خۆشیو ناخۆشییەکانییەوە پێشکەشی رووحی ئەم شیعرانە بکردایە.

نینا– تاران

٢٠١٠

## (هیچ شتێك لەتۆ ناچێ)

(پێشكەشە بەو سەفەرانەی ئەم شیعرەیان خولقاند)

**(زۆرجار هەست دەكەم پەشیمانم لە نوسینی ئەم شیعرە، بەڵام سەختە بڵێم بۆ...؟!)**

هیچ كەشتەیەكی سەرسەخت ناتوانێ
بمكاتە موسافیری ئەبەدی خۆی

هیچ سەفەرێ، نـاتــوانــێ
رێگام لێبگرێ بۆ گەڕانەوە

هیچ زستانێ ناتوانێ سەرم سڕكا
بۆ بـــەهـــارێ، بۆ ژیـــانـەوە

هیچ تۆڕێك ناتوانێ
بمكاتە دیلی ماسیگرو
هیچ باڵندەیەك ناتوانێ
سیحری فڕینم لێ بستێنێتەوە

هیچ جــوانیـەك ناتوانێ
نیگا سیحراوییەکانی تۆ بدزێ

هیچ خاکێك ناتوانێ، بێ تۆ
بمبستێتەوە بەخۆیەوە

هیچ کەسێکی تر
ناتوانێ جارێکی تر دڵم رامکات بۆ خۆی

هیچ پایزی ناتوانێ، بیری تەڕبوونی
تۆم لەژێر بارانا لەبیربکا

هیچ جەهەنەمێ، ناتوانێ لە پای
عەزابیدا، راموسانی تۆم لە یاد بکا

جگەلەدڵی تۆ
هیچ کۆشکێکی ئەم جیهانە ناتوانێ
لەخۆم بگرێ
جگەلەفرمێسکی تۆ

ڕێگا نادەم دەستم ، جارێکی تر فرمێسکی
هیچ کەسێك بسڕێ
سەفەر ناتوانێ
بۆنی هەناسەکانی تۆ بکوژێ
بەفر ناتوانێ
بۆنی سنەوبەری پاش باران
بسڕێتەوە
دڵنیابە هیچ شیعری ناتوانێ
بمنوسێتەوە
هیچ ڕۆمانێ ناتوانێ
بمخوێنێتەوە

تۆ وەك شەرابی دێرین وای
تابمێنی بەتامتری
تۆ وەك روحی خوا وای
تا ڕۆژگار دێ
بەگومانتری

ئێران– تاران

٢٠٠٩/٥/١٣

*لەئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ بلاّوکراوەتەوە

## (گومان لەیەك یارو حەفتاحۆری)

"خۆشەویستیی ئافرەت هەمیشە بۆ خۆشەویستی یەکەم جاریەتی"

سۆمەرست مۆم

بپرسم، ئەی خوا؟
قەدەر، ئەم عشقەی لەچارەنوسیبووم
یان زادەی سەرەرۆییەکانی
دلّم بوو
تا خۆم لەوگوناهە دەربازکەم
کەقەدەری شووم..
دەستی لەنوسینەوەیدا هەبوو
لە ئیرادەی من بەدەر بوو
هەر دەبوو ئەم کێوە بڕوخێ و
کەسێك لەژێردا بمرێت ...

بپرسم ئەی خوا...؟
تۆ یارێکم لەم عەدەمەدا

پێ ڕەوا نەبینیی
تا لەناو ئەم مەخلوقە دلڕەقەدا
نەوایم کات و دلّم باتەوە
لەنا ئەم تاریکستانەی روحمدا
بۆم ببێتە فریشتە

تۆ لەم مەئساتی گومانە نەجاتم نەدەی
چۆن دەشێ بڕوابکەم حەفتاحۆریم
لەناو هەزاران جاهل و
شەڕەنگێزو سەلەفی و پیاو کوژ و شمشێر بەدەستدا
پێببەخشێ ...؟

بۆیە دێمەوە
سەر قەدەری گومان
کەیار یەکجار خۆشەویست ئەبێ و
یەکجاریش گومانی لێ دەکرێ
یەکجار بۆ عەشق دەژی و یەکجاریش عەشق دەمرێ

چەند درۆیەکی گەورەیە
لەم مەملەکەتە وێرانەدا

دڵێك نەبێت، بتگرێتە خۆی
لەکوێ حەفتا حۆری دەتوانن دڵم بەنەوە
لەگومانی یار رزگارمکەن ؟

چ درۆیەکی گەورەیە..
دڵی حەفتا حۆری، میهرەبانتر بێ لەدڵی یار
نەشئەی حەفتا حۆری، جوانتربێ لەروخساری یار
نیگای حەفتا حۆری، عاشقتربێ لەنیگای یار
لێوی حەفتا حۆری شیرینتربێ لەلێوی یار
بیرەوەرییەکانی حەوسەت ساڵ لەگەڵ حەفتا حۆری
پیرۆزتربن لەبیرەوەرییەکانی دووساڵی گەڵ یار
درۆیە عاشق، یەکجار گومان دەکات
یەکجار عاشق دەبێو
یەکجاریش دەمرێت

شەوێك نیە بەئارامی بخەوم
تۆ لەبیرخۆم بەرمەوە
گومان و خوا لەیەکدی جیاکەمەوە
لەئەستێرەی ئاسمان ورد نەبمەوە

**تیشکی چاوی تۆی تیا نەبینمەوە**
**شەوێك نیە، تاریکی رامم نەکات**
**تا چاو نوقانێك بەس بێت**
**بۆ رێکردن بەکۆڵانەکانی**
**گومان و عشق و قەدەرو دابڕاندا**
**ئەی تاریکی چەند تاوانباری**
**کە تاوانەکانی جوانیش لەتاریکی تۆدا ئەنجامدەدرێن**
**بۆ نایەتە دەنگ**
**بلێ ..**
**بەرۆژی روناك، ژن سەردەبڕدرێت**
**عاشق دەکوژرێت**
**شمشێری جەلادەکان**
**دەمە زەرد دەکرێت**
**بۆ ناو کێلانەکان**
**تا جەلاد خۆی بەعاشق نیشاندات و**
**تاریکیش بکرێتە عبرەت**
**کەچی تەنها روناکی جوانەو رۆژ دەپەرستین**

**شەوێك نیە، هەناسەکانم**
**بۆنی عەتری روحی تۆی لێنەیەت و**

پۆلە پەپوولە بەدەورمدا نەخولێتەوە
زەنوێرێك پڕلە عشق و فلوتی
ئەوین تابەر بەیان
نەزرنگێتەوە...
تیشکی چاوت وەك نوری خوا
لەگوماندا نەمهێڵێتەوە

شەوێك نیە، خوا نەیەتە خەوم و
نێوانی من و گومان
من و قەدەر
من و چارەنوس
بێ وەڵام نەمێنێتەوە

سلێمانی
پایزی ٢٠٠٧

## بۆ هەناسەکانی باران

**((١))**

**(كارەسات)**

کەئاسمان لێمان تورەیە
دڵنیام
کارەساتێك
بەڕێوەیە
دوعا دەکەم
خوا تەنها تۆ بپارێزێ

**((٢))**

**(غیرە)**

خەتای دڵمە
عەقڵم
رادەسپێرێ
غیرت لێبکەم
چونکە
خۆشمدەوێی

**((٣))**

**(دابڕان)**

لەبەهاری خۆشەویستیدا

هەست بەدابڕان

دەکەم

کەچی دڵم لێت نابێتەوە

**((٤))**

**(گریان)**

دەبوو ئەو گریانەی من بچێتە

گینسەوە، کەبۆ تۆ بوو

چونکە

یەکەم جارە

پۆلیسێکی هاتووچۆ

لەسەر گریان

شۆفێرێك

رابگرێ

((٥))

(زیندان)

من

تەنها یەك

زیندانم هەیە

ئەویش

قەفەسی دڵی

تۆیە

((٦))

(بڕیار)

هیچ کات

لەبڕیارەکانم

پەشیمان نیم

تەنها ئەو کاتەی کەگوێم لەتۆ

ئەبێ

((٧))

(مەرگ)

قه ت لەخۆم

نابورم

تا دلّی تۆ

ئاشت نەکەمەوە

گەر

بەمەرگی خۆشم بێ

((٨))

(وێنە)

هیچ کات ناتوانم

بەرامبەر وێنەکەت

رابمێنم و

دونیایەك

فرمێسکت

بۆنەبارێنم.

## ((٩))

## (هەڵە)

هەڵەیەك تۆ

كردت

منت لێ ونبوو

هەڵەیەك  من كردم

ئەتۆم

لەدەستچوو

## ((١٠))

## (ڤیزا)

رقم لەهەندەرانە

چونكە

ڤیزای دەوێ

ئەوەش

چاوەڕوانی

دەوێ

## ((١١))

## (بەهار)

چۆن باز عاشقی
شەوە
دایکم چاوەڕێ
خوایە
منیش چاوەڕێ
بەهارێکم
تۆ بێتەوە
کە دەزانم هەر
نایە

## ((١٢))

## (تەمەن)

تەمەنم هیچی بەبەرەوە نەماوە
کەچی
هەر چاوەڕێ تۆم
کە ئەزانم
ناتبینمەوە

## ((١٣))

## (باران)

لە تنۆکی
باران پاکتری
چونکە
ڕەنگت
لە تنۆکی
باران
ئەچێت

## ((١٤))

## (بڕوا)

جارێکی تر هەڵەی واناکەم
کەبەتۆ
بڵێم
بڕوات پێناکەم
جارێکی تر هەڵەی
واناکەم
کەبەتۆ بڵێم
تۆبە ناکەم

## ((١٥))

## (دابڕان)

دور کەوتنەوەت
هیچ ئارامی
پێ نەبەخشیم
چۆن
ئاوێزان بوونت
پڕ بوو
لەدابڕان

## ((١٦))

## (ئیعتراف)

نازانم بەختەوەرترین
یان بەدبەختترین
ئینسانی
سەرزەمینی
گەر بەختەوەرینترین بی
چانسی خۆتە
گەر بەدبەختترین بی
ئۆباڵەکەی لەئەستۆی منو دایکتە

## ((١٧))

## (دواين ڕێگا)

کەلێم نزیکبووی

چەند دلڕەق بووم

کەلێم دورکەوتی

چەند بۆت گریام

کەبەلێنم پێدای

چەند درۆزنو

کە بەلێنت پێدام

چەند ترسنۆك بووی

بەلاّم

جیاوازی

ئەمانە

لەئێخەی هەردوکمانە

کە دابڕانە

## ((١٨))

## (تۆ)

تەواوی ژیانم لەلایەکو
تۆ لەلایەك
تەواوی رقەکانم لەلایەکو
تەواوی خۆشەویستیەکانم
بۆ تۆ لە لایەك

## ((١٩))

## (جەهەنەم)

تۆ بڕۆ بۆ بەهەشتی
هەندەران
منیش بۆ
جەهەنەمی
لێك دابڕان

**((٢٠))**

**(ئاشتبوونەوە)**

چی دەبێ بۆ

هەمیشە

ئاشتبینەوە

کۆڵ

لە رق و دابڕان

بکەینەوە؟

**سلێمانی**

**٢٠١٠/١/٢٢**

## (یاد) *

## "ئەوەی دەمکوژێ بیرەوەریەکانە"

یادتە،
بەپرسیاری دور لەعشق
دەتویست عشقم لەگەڵ بکەی؟
یادتە بەهەنگاوی زۆرزانانە
دەتویست دڵێشم رام بکەی؟
راستە سەفەرێك بۆ من پڕلەخەیاڵ
بۆتۆش پڕ لەچاوەڕوانی بوو
یادتە
دیاریەك بۆ تۆ چەندە عاشقانەو
بۆ منیش چەند جاویدانی بوو؟
یادتە
وتت، شەوەزەنگم خۆشئەوێ، لەرەنگی قژی تۆ ئەکا ؟
وتم، گەڵای پایزم خۆشئەوێ لەرەنگی چاوی تۆئەکـا ؟
پایزێکم ناوێ، لەرەنگی قژی تۆ نەچێ ؟
بەهارێکم ناوێ، لەلێوی سوری تۆ نەچێ ؟
یادتە وتم؛

زستانێکم ناوێ، لەرەنگی کولمی تۆ نەچێ ؟
هاوینێکم ناوێ، لەدەستی گەرمی تۆ نەچێ ؟
یادتە
یادتە، زەنگی تەلەفونەکانت چەند نهێنینی و؟
پڕ پرسیار بوون...؟
یادتە
نوقلەکانی جێژنت، چەندشیرین و
پڕ مانا بوون؟
یادتە
رەنگی قردێلەکەی قژت
چەندە سورو عاشقانە بوو؟
ژوانە دورو درەنگەکانت چەند پڕ بەهانە بوون
یادتە
باسی داهاتوت بۆ ئەکردم؟
یادتە
یادتە گومانت بوو لەم عشقە وابێ..؟
یادتە نیگەران بووی داهاتوت چۆن بێ..؟
یادتە ئەتوت با عشق سادەو ساکار بێ؟
یادتە ئەتوت بادور لەقەدەر و گومان بێ؟

یادتە، یادتە،
یادتە دەمویست کتێبت خۆشبووێ؟
یادتە وتم ژنم خۆشدەوێ ؟
یادتە وتم. دایکتم خۆشدەوێ ؟
یادتە،
یادتە رقت لەساڵی راوەستاو بوو؟
یادتە،
یادتە نیگا سیحراویەکانت، چ کارەساتیان نایەوە؟
یادتە،
یادتە ئاوی ریحانەت دەدا لەئێغەم؟
تادەستم بۆنی روحت بگرێ ؟
یادتە هەنگاوەکانت. سست و لاواز
نەدەویست نیگا لەمن ببڕێ
یادتە دڕکی گوڵە باخ. دەستی خوێن کردم و
تۆ بۆت سڕیم.
یادتە فرمێسك بەچاوتا ئەهاتە خوارو
من بۆم سڕی
یادتە،
یادتە شیعرم بۆت ئەخوێندەوەو

گۆرانیم بۆت ئەوت
یادتە دەستم ئەکردە ملت
یادتە،
یادتە گوڵت بۆ ئەچنیم
یادتە هەناسەت پێ ئەبەخشیم
یادتە،
بیرەوەرییەکانی تۆم لەدەفتەرەکەم نوسی، یادتە
یادتە شیعرەکانی شێرکۆم بۆ دەخوێندی، یادتە
نامە بێ ئیمزاکانت لەبیرە
تورەبوونە جوانەکانت لەبیرە
یادتە،
چی وای لێکردوی واهێمن بی، پێمبڵێ...؟
ئەڵێی ماسی لوسی بن گۆمی، لەدەستمدا
هەڵدەخلیسکێی...؟
یادتە
یادتە، ناوی خـــۆم دایە تـــۆو ناوی خۆت دایـــە من،
یـــادتـــە؟
یادتە ملوانەیەکی یاقوتم داپێت و هەناسەت خستە دڵمەوە،
یادتە...؟

یادتە، لەزستاندا دەستە گەرمەکانت ئەدا بەمن؟
یادتە، لەبەهاردا ماچە گەرمەکانت ئەدا بەمن، یادتە؟
شەڕەکانی نێوانمانت لەبیرە، یادتە؟
زیزبوون و ئاشبونەوەکانت لەبیرە، یادتە؟
گەڕان و پیاسەی کۆڵانەکانی شارت لەبیرە، یادتە؟
بیرەوەریەکانی لادێ و سەیرانەکانت لەبیرە، یادتە؟
دەتویست ڕۆژ لەسەر سنگم بکەیتەوە، یادتە؟
دەتویست موعجیزەیەك بخوڵقێنێ یادتە؟
نامە کۆنەکان و وێنە تازەکانی ناو جانتاکەت
کلێنکسە سەوز و سورە بۆناوییەکانی سەر جێگاکەت،
یادتە؟
یادتە وتم،
عومری تەنها و دوایی من تۆی؟
دڵی عاشقم و سەوسەداری من تۆی؟
یادتە وتم، یادتە"
یادتە؟
مۆڵەتم لەخوا وەرنەگرت بۆ ستایشی تۆ
پرسم بەئەستێرە نەکرد، بە شوبهاندنی بەتۆ
خواو ئەستێرە و خەم و خوێشم ناوێ

یان تۆ یان هیچکەسی ترم ناوێ

بەخودا

من تۆم دەوێ

بەخودا

من یارێکی ترم ناوێ، تۆ لەیلای من

من فریشتەی ترم ناوێ. تۆشیرینی من

رۆژە تەنیاکانی خۆت و سەفرە درێژەکانی منت، لەیادە،

شەوە درێژەکانی زستان و بیرەوەرییە کورتە خۆشەکانی

منت، لەیادە؟

ئەو قەدەرانەت لەیادە، چارەنوس لەچارەی نوسین؟

ئەو بەدبەختیانەت لەیادە. دایکت بەتۆی بەخشی؟

ئەو کەلامە خۆشانەی رۆژگار، دروستیکرد، یادتە؟

ئەو ئیلهامانەی ئەم عشقە دروستیکرد، یادتە؟

ئەو گومانانەت لەیادە؟

یادتە...؟

یادتە...؟

یادتە...؟

*(ئەم شیعرە ئیلهامەکەی شیعرێکی مریەمی حیدەرزادەی کچە شاعیری ئێرانیە)
لە رۆژنامەی پێگە بلاَکرایەوە

## (جانتا ) *

جارێکی تر دێمو
ناو جانتاکەت
دەپشکنم
کەدەزانم نیگەرانی

جارێکی تر دێمو
جزدانەکەت دەپشکنم
کەدەزانم نیگەرانی

جارێکی تر دێمو
مۆبایلەکەت
دەپشکنم
کەدەزانم نیگەرانی

نەك بۆ میکاژو پارەی جزدانو
مەسجەکانت
نا

بۆئەوەیە
تابزانم
وێنەکانم رەنگیان چۆنە
تابزانم
لەناو جانتاو جزدانو مۆبایلەکەت
هەر میوانن

تاران
٢٠٠٩/٥/١١

لە گۆڤاری ئەدەبی هەنار بڵاوکراوەتەوە

## (ليستى باى باى)

بريا هێندە
خۆشم نەویستیایە
تا ژمارەکەت بخەمە
ليستى (باى باى)يەوە
هێندە نامەت بۆ ناردم و
جوێنى جوانت پێ داوم
وتم نەکا
نامەيەکت بۆ بنێرم
ئەوەى چەند ساڵە کردومە
بۆ هەميشە بسڕايەوە
بێگومانبە ژمارەکەت
بۆ هەميشە لەدڵمايە
خۆزگە
خۆزگە، ناچارى
ئەو کارەت
نەکردمايە...!؟

## (تابلۆ)

تابلۆکەت
تائێستاش لەژوورکەم هەڵواسراوە
هەر ئەڵێ خۆتی
جارجار
سەیرم ئەکەی
خەندە لە لێوت تۆراوە
دایکم ئەڵێ؛
دیارە کوڕم ئەم کچە عاشقەکەتە؟
منیش پێ ئەڵێم" دایکە گیان
تۆ پێنج فەرزە
روو لەقیبلەی
عیبادەت بۆ خوا ئەکەی
ئەم تابلۆیەش
کەعبەی منە
شەو و رۆژ، روی تێکەم
ئەیپەرستمو شیعری بەباڵادا
هەڵئەدەم

# (تەسبیح)

چۆن تەسبیحەکەت ئاڵقە ئاڵقە
لەدەستمایە

بۆنی روحت،
یادی ماچەکانی لێوت

هەناسە گەرمەکانی ناخت
بۆ هەمیشە
لەگەڵمایە

چۆن مورووەکانی تەسبیحەکەت
رۆژانە هەزارجار
دەژمێرم

چۆن مەسجە پڕ نازەکانت
هەزار جار دەخوێنم

رۆژی هەزارجاریش
دوعا دەکەم
تەمەن درێژبم
تاپێ راگەم،
تەسبیحەکەت ملیۆن جاری تر
لەدەستم بئالێنم

تا پێ راگەم،
ملیۆن نامەت بۆ بنێرم
تا تەمەنم درێژتربێ
گۆرانیت بۆ بلێم
شیعرت بۆ بخوێنمو
فرمێکست بۆ ببارێنم

تاران
٢٠٠٩/٥/١١

لەگۆڤاری هەنار بڵاوکرایەوە

## (شیعرو وێنە)

ئیمێلکەت بکەرەوە
دوو وێنەی خۆمم ناردوە
لە یەکێکیان شادو
ئەوی تریان غەمبار دیارم

شادەکە هی ئەو سەردەمەیە
تۆ وێنەکانت گرتوە
غەمبارەکەشیان تازەیە
کەتۆ سەفەرتکردوە
سەری خۆتت هەڵگرتوە

ئیمێلکەت بکەرەوە
دوو شیعری تازەم ناردوە
لەیەکێکیان گەشبین‌و
ئەوی تریان رەشبین دیارم

گەشبینەکە ئەو کاتەیە
بەقەڵەمی میکاژەکەی تۆ نوسراوە
رەشبینەکەشیان تازەیە
دوای کۆچی تۆ
هێزو وزەم لێ براوە
هیچ هیوام بەژیان نەماوە

## (مەداليا)

ئـــــەو لاو لاوە
کەبەقەدو سنگ‌و باڵاتدا هەڵگەڕاوە
شـــەوە زەنـــگـــی خـــۆشـــدەوێ‌و
کـــە تـيـشـــکی خـــۆر هـــەڵـــدێ
دڵـــنـيـابـــــە
ئـــــەو فـەوتـــــاوە....؟!

ئـــــەو مـــەدالـــيـايـەی ملی تـۆش
زێـــــڕو زيـــــوی ســـادە نـــيـــە
بـــەڵـــکـــو روحی مـەسيحـە،
هەتـــا
مـــردن بەملی تـــۆەوە
لـــــەخـــــاچ دراوە

٢٠٠٩/٦/٧

لەگۆڤاری هەنار بڵاوکراوەتەوە

## (....؟!)

## (بۆ رازەکانی دڵ، کە پڕن لە بیرەوەری)

چۆن فەرهاد، شیرین و
(پەروانە)، چرای خۆشدەوێ
چۆن تەم و مژ، شاخ و
سەوزایی، باخی خۆشدەوێ
چۆن وشەی شیرین، زار و
گوڵ، وەنەوشەی باخی خۆشدەوێ
چۆن ئەستێرە ئاسمان و
بەفر زستانی خۆشدەوێ
چۆن شاعیر، شیعر و
پایز، گەڵای زەردی خۆشدەوێ
چۆن پێغمبەر، خواو و
نالی، حەبیبەی خۆشدەوێ
چۆن مەولەوی، هەورامان و
مەجنون، لەیلای خۆشدەوێ
چۆن شەپۆل، روبار و

ماسی، ئاوی خۆشدەوێ

چۆن گومان، قەدەر و

برا، خوشکی خۆشدەوێ

چۆن منداڵ، دایك و

وەلی دێوانە، شەمی خۆشدەوێ

چۆن بولبول بەهار و

مسوڵمان، قورئانی خۆشدەوێ

چۆن مریەم، مەسیح و

جولەکە تەوراتی خۆشدەوێ

چۆن عاشق دڵدار و

خەم فرمێسکی خۆشدەوێ

چۆن (ماکان) (فەرەنگیس) و

(شاملۆ) (ادینە)ی خۆشدەوێ

چۆن شێرکۆ، ئەنفال و

پێشمەرگە، شەهیدی خۆشدەوێ

چۆن قەڵەم، وشە و

کانیاو قرژاڵی خۆشدەوێ

چۆن باز، دارستان و

تریفەی مانگ، دەریای خۆشدەوێ

چۆن خاك، باران و
نیگا، رازی خۆشدەوێ
چۆن گزنگ، ئاسۆ و
لاو لاو نەسیمی خۆشدەوێ
چۆن شنە، شەماڵ و
ئاسك سەرکۆی خۆشدەوێ
منیش ئاوا خۆشمدەوێ...؟!
منیش ئاوا
خ
ۆ
ش
م
د
ە
و
ێ

مەی – ٢٠١٠

## (بڕوا دێنم بەجەهەنەم !!)

هەزار خەمم هەبوایە
هەزار گوناهم بکردایە
دوو هێندەی تر بێزار بومایە
تەنها بینینی تۆ بەس بوو
تا هەموویم
بیرچووایایە

تووشی چ نەگبەتیەك بووم
عشقو بێزاری
هەردووکیان بێ رەحمن

ویستم ئەوە دوایین دیدار نەبێ
دواین فڕین نەبێ
ویستم، دواین گلەیی بێت
دواین خەفەت بێت

دەتویست لەژێر بارانا دوعا بکەین
لەناو گۆرستانا بۆن لەخۆمان بدەین
دەتویست چارەنووس بگۆڕی و
بۆت نەکرا

دەتویست دڵم رام کەیو بۆت نەکرا
لەقەرەبووی ئەوانە جیابوونەوەت پێبەخشیم
مەرجی ئەوەت دانا
نابێ بتبینم

چەند زاڵمی
هەموو عومرم لەپێناوتا دانا
کەچی رێگری بینینیشت لێکردم

چ قەدەرێکی شومە
دەستی لەچارەنووسمدا هەیە

هەرچیم بەسەر دێ
باعیسی هەموو گوناهەکانم

ئازار چەشتن‌و سەرەرۆیەکانم
پەنابردنم بۆ مەی،تلیاك و مەیخانە
شەوانی تەنهایی
تەنها
تۆو خوا
لێ بەرپرسن

چ زاڵمی ئینسان
ساتێك خۆدەکەیتە قوربانم‌و
ساتێك دوعا دەکەی لەژیانم
ساتێك بێ من ناژی‌و
ساتێك بەختەوەری کە من نابینی
ساتێك پەشیمانی لەرابردووت
ساتێك بەرنامە دادەنێ بۆ داهاتووت

چ قەدەرێکی شومە
چ خەوێکی ناخۆشە
بێ میهرەبانی بژی‌و
پڕ بی لە بێزاری

چ شومە بۆ سەفەر نەتوانی
بیروەریەك لەگەڵ خۆت بەری

چ سەختە کەس گوێت لێ نەگرێ

چ سەختە
دوری لەتۆ
چ سەختە
عشقی گەڵ تۆ

چ سەختە بێزاری

بێ رەحمن
عشق و دوری و
بێزاری
چ سەختە
نەمتوانی بەدەستت بێنم و
ناشتوانم
دەستت لێ هەڵگرم

چ سەختە
نێوانی بەدەستهێنان و
لە دەستدانی
عشق و خۆشەویستی

ئێستا ئیتر بازێکی بریندارم
توانای فڕینم لەدەستداوەو
نامەوێت هیچ
باڵندەیەکی تر بکەمە
نێچیری خۆم

ئێستا ئیتر دەریایەکی تاساوم
پڕ لە شەپۆل
ئێستا ئیتر ئاسمانێکی تووڕەم
قین لەگەروو

بونیادەمێکی هەتیوم
هەتیوو
بێ خۆشەویستو

پـڕ لـــەبـێزاری
پڕ لەعیشقو
تەنیایی

خۆت باشدەزانی
باوەڕەم بە
جەهەنەمی خوا نەبوو
تاسزاو عەزابی
خراپەکانمی تێیدا وەرگرم
هەروەك چۆن باوەڕم بە
بە بەهەشتێك نەبوو
تا پاداشتی
چاکەو خەونەکانمی تێیدا وەرگرم

کەچی کە بەهەشتم نەویست
دواجار لەسەردەستی تۆ
جەهەنەمێکم بەنسیب بوو
بەچاوی خۆم بینیم
سزای خەونو چاکەکانم

چۆن دەبێ
لەپاداشتی خەونو چاکە
عاشق توشی جەهەنەم بێ؟

چۆن دەبێ
سزای خەون،
دابڕان بێ...؟

چۆن دەبێ سزای فڕین،
باڵ شکان بێ؟
چۆن دەبێ
سزای پچڕانی عشق
یەکتر نەبینین بێ؟
چۆن
چۆن دەبێ لەسەر دەستی
کەسی عاشق
جەهەنەم بخوڵقێ
بۆ مەعشقوق...؟

چۆن؟
ئەی خودایە؟
کام جەهەننەم راستو سەختە؟
کام جەهەننەم
ئەوەی تۆ؟
یان ئەوەی
کە چارەنووسی منی گۆڕی

٢٠٠٩/٣/٢٢

ئیلهامی ئـەم شـیعرە گۆرانییـەکی فارسـیە لـەفلمێکی ئێرانیـدا بـەناوی (قەرەبوو)

## (عیشقی من و تۆ)

## "بیرەوەریەکانی عاشقێکی دۆڕاو"

عیشقی تۆ بۆ من سەرابێك بوو
زوو هاتوو تەواو بوو
عیشقی من بۆ تۆ بەهارێك بوو
هەر سەوزو وەفادار بوو

عیشقی تۆ بۆ من گریانێك بوو
سڕیت‌ونەماو لاچوو
عیشقی من بۆ تۆ دەریایەك بوو
شەپۆل ئەداو نەسرەوت بوو

عیشقی تۆ بۆ من هەورێك بوو
لەگەڵ بای پایز چوو
عیشقی من بۆ تۆ ئاسمانێك بوو
پڕجریوەو ئەستێرە بوو

عیشقی تۆ بۆ من گۆرانیەك بوو
ئیتر هەرگیز نەمبیستەوە
عیشقی من بۆ تۆ ئاوازێك بوو
هەرگیزاو هەرگیز نابڕێتەوە

عیشقی تۆ بۆ من وەرزی تەمەنی پەپولە بوو
عیشقی من بۆ تۆ عومری نوحو دڵی حاتەمی تەی بوو
عیشقی تۆ بۆ من ئاهەنگو سەیرانو گەڕانێك بوو
عیشقی من بۆ تۆ تەی کردنی
شەقام وکوچەو کۆڵانی شارێك بوو

عیشقی تۆ بۆ من شەربەتو چاو قاوەیەك بوو
عیشقی من بۆ تۆ تلیاك و بیرەو شەرابێك بوو

عیشقی تۆ بۆ من ژانی شەو و رۆژگارێك بوو
عیشقی من بۆ تۆ زامی شیعرێکی نەبڕاوەی گریانێك بوو

عیشقی تۆ بۆ من پەیامێك بوو زوو هات و چوو
عیشقی من بۆ تۆ قورئانێك بوو پڕ ئیلهام بوو

عیشقی تۆ بۆ من گەڵاڕێزانی پاییزێك بوو
گەڵاو گوڵی هەڵوەریوی دەستی زریانێك بوو
عیشقی من بۆ تۆ بەهارێك بوو
لەناو چوار وەرزیساڵدا رەشماڵێك بوو

عیشقی تۆ بۆ من بەدەست هێنانی خۆزگەیەك بوو
عیشقی من بۆ تۆ لەدەستدانی خۆزگەیەك بوو

عیشقی تۆ بۆ من پڕ رەنجو ئازارو تاسانێك بوو
عیشقی من بۆ تۆ پڕ گەڕانو گریەو ژانو خەمو قەدەرو
چارەنووسی پڕ گومانێك بوو

کۆتایی ٢٠٠٨

## (گلەیی لە یاری بێوەفا)

پاش چی لەدەستم هەڵدەخلیسکێ، وەکو ماسی لوسی بن گۆم؟
پاش چی لەدەستم رادەپسکێ، وەکو کارمامزێکی رەزا سووك؟
پاش چی بەتەنیایی جێمدەهێڵی. کەوەك ئەستێرە راخۆشای؟
پاش چی باسی بیرکردنم دەکەی، کە هەمیشە تەنیام دەکەی؟
پاش چی دڵت قفڵ دەدەی، دەڵێ بڕۆ بەختەوەربی؟
بەختەوەری گشت درۆیە، کەتۆی بۆ من تێدانەبی
پاش چی بۆمن دەبیە فیرعەون، لەئاسمان دەستم پێت راناگا؟
پاش چی بۆمن دەبیە سەراب، هەزار باران من تێرناکا؟
پاش چی بۆمن دەبیە خەون، کەناتوانی ببیە ژیانم؟
پاش چی دەبیە بەهار، چاوەڕوانی وەرزی پایزانم؟
پاش چی دەبیە قەدەری من، کەدێرینترین گومانم
پاش چی دەبییە تەلی کەمان، مەزنترین نەغمەی ژیانم

**مالیزیا- سنگاپورە**
**٢٠٠٨/٥/٢٥**

**لە پاشکۆی پەرەموچی ئەدەبی رۆژنامەی هەواڵ بلاوکراوەتەوە**

## (گلەیی من لە خوایە...!)

چـــــاوەکــانــت شـــتــیٚ دەڵــێــــن
هـــەنــگـــاوەکـانـت مــــردوی ڕێــگـــان
بــــۆیــــە نــــاکــــرێـت بـەخـتـەوەربــی
بـــەڵــێــنەکـانـت وەك پــوشـــی دەم بــان
گـریـانـەکـانـت نـابـنـە جێـی ی بــڕوام
ســـەرابـــــن، بــــەتـالْـن، دوور لــــەنیگـان
جــوانـیــەکانــت ، نازو عیشوەی فریودەرن
مــــن کـــــرِیـــارنـیــــم، زۆر بـــیٚ مــــانـان
ئــیــتـــر دڵـت بــدە کـەسـێـکـی تـــر
کــــەبــیٚ دڵ بــیٚ، کـــــە وەك تـــۆ وان
قـــوربـــانــــی زۆرمـــدا بۆت، لــەم ڕێـــگـایە
بەهیچ دەرچوون، خەونەکانم بیٚ سەرپــەنـــان
تەنها خەمێك، لەدەستچوونی تـــەمـــەنێـکـە
پــڕ لــە فــرمێسك، پڕ لەئازارو پــڕپــڕ لــەژان
کیٚ دەتوانیٚ گوڵو خەونو جوانی بژاکێنێت
تـــەنـــهـا ئەوانەی بیٚ دڵن، کـەوەك تۆ وان
زۆر شـــەوم بــــەتـاریـــکـــی ڕۆژ کـــردەوە

چاوەکـانـم تـا تـوانـیـان پـڕپڕ گـریـان

تـۆ خـاوەنی دڵێکی بـووی، وەك شاخ سەختـە

دڵـی منـیـش، وەك تـنـۆکی نـاو دەریـان

تـۆ رەشەبای، مـەحکـومی بەکـوشتنی جوانـی

ئـێـستـا هـەمـوو یـادەوەریـەکانـت بێ جـێگـان

پـەشـیـمـان نـیـم لـە رابـردوو، لـەزیـزبوونـم

داخ لەیادگارییەکان دەخۆم، کەئێستاکە تاکو تانیان

خـەون بـەدابـڕانـەوە نـابـیـنـم، هـەرچـی تانیـام

لـەئایـندەی تۆ دەترسم، کـەپـڕ پـڕە لـەگـومان

تـۆ نـاتـوانی کەسی عـاشـق بـەخـتـەوەرکـەی

قەدەرکەی من وابوو،گلەیـەکـەی مـن لـەخـوان

تاران

٢٠٠٨

# (چارەنووس)*

کـــێ ئـــەڵــێ ئـــەوە دوایـــن گـــریـــانی پـڕهـەنسکـــی تـــۆو
کـــۆتـــا قـاقـا پێـکەنـیـنـــی خـــۆش بـــەخـــتـی مـــن نـــی یـــە ؟!
کـــێ ئـــەڵـــێ ئـــەوە یـــەکـــەم بەهـــاری پـــڕ نێـرگـــزی تـــۆو
دوایـن گـــەڵاڕێـــزانـــی تـــەمـــەنـــی پـــایـــزی مـــن نـــی یـە ؟!
کێ ئەڵێ ئەوە یەکەم پۆلـــە پـــەپـــولـــەی ڕەوەزی ڕەنـگاو ڕەنگی تۆو
دوایـن زسـتانـی تـەمـەنـی مـەرگی پەپولـەی رۆحـی مـن نـی یە ؟!
کـــێ ئـــەڵـــێ ئـــەوە فـــریشتەیەکـی میـــهـرەبـانـی نـــاو دڵـی تـۆو
ئیـبـلـیـسێـکی پـــڕ گـــونـــاهـــی نـــاخـــی مـــن نـــیـــە ؟!
کـــێ ئـــەڵـــێ ئـــەوە بـــەفـری زســـتانێـکـــی تـارای سـپی تـــۆو
تـەمـەنی پـیـری، پـــڕ ئـازاری، قـــژی ســـپی مـــن نـــی یـــە ؟!
کـــێ ئـــەڵـێ ئـــەوە خـــوایـــەکـــی پـڕدەستـــی میـهرەبانـــی تـــۆو
ئـەهـریـمـەنێکـی پڕ شـــەڕی ڕێـــگای تـاریـکی مـــن نـــی یـــە ؟!
کـــێ ئـــەڵـێ ئـــەوە ماسییەکی لوسی بـن گۆمی قەوس و قـەزەحی تۆ
سەرەمێکوتەی بۆگەن کردوی ناو قەوزەی لیخنی کانیاوی من نی یە ؟!
کـــێ ئەڵـــێ ئـەوە دارسـپیدارێـکـــی ســـەر سێـبەری بـــاڵای تـــۆو
گۆچـــانـــی شـــەکـــەتـــی دوایـــن تـەمـەنی پـیـری مـــن نـــیـیە ؟!
کـــێ ئـەڵـێ ئـەوە چـــاوی قـرژاڵـی کـانـیاوی زمزمەی بەهارانی تۆو
هـــاوارێـکی تـــاســاوی پـڕ گـریـانی هـەردوو دیـدەی مـن نـی یە ؟!
کـــێ ئـەڵـێ گـــزنـگی ئـایـنـدەیـــەکـــی گـــەش و رونـــاکـــی تـــۆو

دوایـــن چـــارەنـــوس و بـەدبـەختـــی ژیـــانـــی مـــن نـــی یـــە ؟!
کـــێ ئـــەڵـــێ لـەم ژیـــانـــە خـــۆش بـــەخـــتـــی ئـازادی بـــۆ تـــۆو
قـــەدەرو گـــومـــانـــی نـیـهلیـستـی هەمـوو بـەشـی مـن نـی یـە ؟!
کـــێ ئـــــەڵـــێ تـــاڵـــی رەشـــی قـــەتـــرانـــی تـــۆ
دوایـــن پـــەتـــی سـێدارەی گـــەردنـــی مـــن نـــی یـــە ؟!
کـــێ ئەڵـــێ ئـــەو خـــۆرە گـــەشـــەی کـە هـــەڵدێ لە چـاوی تۆو
رۆژی رەشـــی بـــێ چـــارەنـــوســـی مـــن نـــی یـــە ؟!
کـــێ ئـــەڵـــێ مـــەیـــلـــی پـڕ سـەفـای زیـنـدگـانـی تـــۆ
رۆژی رەشـــی مـــەرگـــی لـــەنـــاکـــاوی مـــن نـــی یـــە ؟!
کـــێ ئـــەڵـــێ ئـــەوە دوایـــن بازی هەڵـدراوی خـۆش بەختـی تـۆو
دوایـــن شتـکســـت و فـەنـابـوونـی نـاخـی مـــن نـــی یـــە...؟!
کـــێ ئـــەڵـــێ ئـــەوە دوایـــن هـــەڵـــۆی قـــەنـدیـلـی دڵـــی تۆ
دوایـــن چـــۆلـــەکـەی تـەونـی پڕ تـۆڕی رێگـــای مـن نـــی یـــە..؟
کـــێ ئـــەڵـــێ ئـــەوە دوایـــن راســـتی ژیـــانـــی تـــۆو
ســـەرەتـــای گـــومـــان و قـــەدەری پـــڕ گـــومانـی مـــن نـیە ؟!
قـــــەدەری پـــــــڕ گـــــومـــانـــی مـــن نـــیـــە

* لە گۆڤاری ئایدیا بلاوکراوەتەوە

## (عشقی جارانم)

"ئـێـسـتـاش ئـالـودەی عشقی جارانـم
چـــاوانـت هـەورن، مـنـیـش بـــارانـم"*
ئـێـســتــاش چاوەڕێ وەرزی بـەهــارم
کـــەتـــۆم، تـیـانـاسی، چەندە غەمبـارم
چەند بەختەوەر بـووم کەتۆ یـارم بووی
تۆ هاورێ، شەو ورۆژی، شـارم بـووی
نـاژیـم بـەبـێ تـــۆ دڵــنـیـام ئـەمــــرم
چۆن بـەرگەی خەمو دوری تـۆ ئەگـرم
شـــەراب بـــۆم بـــۆتە یـاری شـەوانـم
لـــەشـوێن تریفەی هەنـاسەی گـیـانـم
ئــــایـنــــدەی عیشقـم بۆ دەبوو وابـــێ
گـــومان چـوار دەوری ژیانمی دا بـــێ

*دێرێکی شاعیر مەحمود پیربالە

## (پیرۆزی)

بامانگ سەد هێندەی تر بەرزو زەردو جوان بێ
بـــائاسمان پـــڕ تریفەو ئەستێرەو خرۆشان بـــێ
با بەهار  قەشەنگو زستانی سپی پڕ لـەژان بـێ
تۆ لـــەمـانگ جـوانترو لەئاسمان پڕ تـــریفەتـری
تـۆ لـــە گوڵ سـەوزتـرو لـەبـــەفر سـپی تـری

بـــا بـــاز چـاوی زەردو کــــەو پـڕ نەغمەتر بێ
بـاعیـسا پیـغەمبـەرو مریەم پڕ لـــە لـەنجەتـر بـێ
بـاخـالقی قـەقـنەسو قـارونی ئـــەو گەنجە بـێ
تــــــۆ لـــــــەعــــیســــــا گـــەورتـــــــری
تـــــۆ بـــۆ من لـــەهەموو شت پـیـرۆزتـری

## (پـــــــــايـــــــــز)

کــەپــايــز داهـــات
وەك
ســـتــمــکـــارێ
هـــاويــــن‌و
ســـەوزی‌و گــــــەڵا
دەهــــاڕێ
کـــــەپـــامـــێکم بـۆ دێ
ئەتۆ غـــەمـــبـــاری
ســـەد خــــۆزگـــە
دەخــــــۆم
مـــنـــيـــش هـــاويـــن بـــم
پـــايـــزێـــك بـــێـــــت‌و
مـــنـــيـــش رامالـــــی

٢٠٠٩/٦/٧

لە پاشکۆی پەرەموچی ئەدەبی هەواڵ بلاوکراوەتەوە

## (پەشیمانی)

هەرچی کاتێ لەم ئەزمرە
دادەنیشم
بیری رۆژانی گەڵ تۆ
ئەکەمەوە
گەر جاران دوو بیرەم نۆش ئەکرد
ئێستا بەکێس ئەخۆمەوە
لەبیرتە پێم وتی"
چەند سەختە
عشقی گەڵ تۆ
چەند سەختە عشقی بێ تۆ
ئێستاکە ئەو رۆژەیە
پەشیمانم، بەبێ تۆ
دڵنیابە جارێکی تر ئەو قسەیە
ناکەمەوە
چونکە خۆم تاقیکردوەو
هەرگیز هەڵناکەم بەبێ تۆ

٢٠٠٩/٩/٢٧

## (شەڕی چارەنوس)

باوەڕناکەم بتبینمەوە بەبێ دەنگی، هاوار بکەی
شەڕ لەگەڵ چارەنووسی
شومدا بکەی

باوەڕناکەم بتبینمەوە لەژێر "باران" ا
دوعا بکەیو
فرمێسك بۆ خەونێك
بڕێژێ و
دوعا بۆ خوایەك
بکەی.

# (خوا)

خوام بۆیە خۆشدەوێ
تۆی بۆمن بونیاد ناوە
دڵنیابە
کاتێ تۆم لێ بستێنێ و بمرێو
بۆمن نەبی
ئتیر منیش
ئەوم ناوێ

تاران
٢٠٠٩/٥/١١

## (خۆزگە)

زۆر حەز ئەکەم
پەیامێکت بۆ بنێرم
ئارەزووەکانی دڵمت
بۆ بنوسم
بەڵام هێندە
لەبێدەنگیت ترساوم
هێندە لەدوریت
رەنجاوم

پەنا دەبەمەبەر مەی
تا بێدەنگ بم
نەکا قسەیەك بکەمو
دڵت گەرد بخوا

قوبرس
٢٠٠٩

## (دوعـــای دایکم)

گریانەکانی تۆ
ناخم ئەخوا
چاوەکانت پڕ سەرنجو
پڕ لەنیگا
ئەمجارەش فرمێسکی
عاشقانەت
دەمگەڕێنێتەوە
هەزار ئیلهامەم پێ ئەدا
پەیامەکانت پێم ئەڵێن:
ئەم کچە سەیر عشق ئەکا،
بۆیە
دایکم،
راسپاردوە
بەم مانگی رەمەزانە
کەمن مەستم
شەو تابەیانی
دوعا بۆ تۆ بکا

بازیان
٢٠٠٩/٩/٢٢

## (کاڵێو مەزهەر)

بڕیاربوو
گەر کچێکم بوو ناوی بنێم
"کاڵێ"گیانو
گەر کوڕیش بوو کاکە "مەزهەر"

بەڵام دەزانم
ئەم خەیاڵەم
وەکوتکەی نەسیمی شەونمی بەربەیانە
لەبەر تریفەی مانگەشەو
کەدەم دەنێ
بەلێوی گوڵەوە
تاکو سەحەر
بەڵام
کاتێ تیشکی خۆر هەڵدێ و
مانگ بووە ئاوا
شەونم بۆتە سەراب
گوڵ ژاکاوە

دیارە مانگماڵئاوایکردوە
لەگوڵو
چۆتە سەفەر

بۆیە دەزانم
گشت خەونەکانم دەبنە سەراب
خۆزگەکانم بێ سەمەر
بۆیە خوازیارم
تۆ ئەو خۆزگەیەم بۆ بێنیتە دی
گەر کچێکت بوو
لەخۆشت چوو
ناوی بنێ ی "**کاڵێ**" گیان و
گەر کوڕیشت بوو
تۆزی لەمن چوو
تەنها لەبەر من
جارجار بانگی بکە "**ئاریێز**" گیان و
کاکە "**مەزهەر**"

## (متمانە)

ئێستا ئەزانم
کەڕابردوو تەنها
عیشقی منت لەدڵدا بوو
بەڵام کاتێ بڕیارتدا
من لەدڵت دەرکەی
متمانەت پێم نەمێنێ
زانیم،
دڵت ئاوەڵایە
بۆ کەسێك وعیشقێکی تر
ئیتر گرنگ نییە بەلاتەوە
عیشقی من چی بەسەردێ
دەمرێ، یان لات جێ دەمێنێ

## (من و دایکم)

جارێکی تر رووبەڕوو دانیشتن
لەگەڵ تۆ
لەسەراب زیاتر نییە
گەڕانەوەی عشقی منو تۆ
لەخەون زیاتر نییە
چی سەبوری دڵی من ئەداتەوە؟
هیچ عشقێ ناتوانێ شوێنی تۆم
بۆ بگرێتەوە
خۆم ئەزانم
یان بەو داخەوە ئەمرم
یان بۆ هەمیشە
لەگەڵ دایکم
لەماڵە چۆڵەکەی خۆمدا
سوچێك ئەگرمو
بەتەنیایی دەمێنمەوە

# (تۆڵە)

هیچ هێزێك نییە
من بروخێنێ
هیچ ترسێك نییە
هەرەسم پێبێنێ
تەنها تۆڵەی تۆ
عشق و
خۆشەویستی تۆ
ژیانم
کۆتایی دێنێ

# (ئاشتبوونەوە)

ناتوانم بۆ هەمیشە
نەتبینمەوە
کە ئەشزانم
هەر بەو داخەوە
سەر ئەنێمەوە
خۆ ناشتوانم
ئیتر خۆشم بوێیو
سەرت بنێم
بەسنگمەوە
بۆیە کەخۆت دوری
بڕیارمداوە لەگەڵ وێنەکانت
ئاشت ببمەوە

## (بـــا)

شـــەوان هـــەر بـــايـــەك لای مـــاڵـــی
ئێـــــــــــــــــــــــــوەوە دێ
بـۆنی عەتری هەناسـەی تـۆی لەگـەڵـدایـــە
چـــــونـــکـــــە تـــــۆ لـــەنـــــاو
روحـــــــــــــــی خـــــــــــــوادای
ئـــەويش لـــەپشتو پـــەنـــای عاشـقـانـدايـــە

٢٠٠٩/٦/٦

## (یادگاری)

تـــەنـــهـــا تـــۆ لـــەنـــەغـــمـــەی ئـــازارەکـــانـــی کـــەمـــان تێگـــەی
تـــەنـــهـــا تـــۆ لـــــەگـــــرمـــەی هـــەوری پـــڕ زامـــی بـــەهاران تێگـەی
کـــێ دەیـــەوێـــت کـــەمان پـــڕ ئـــازارو هـــەور پـــڕ لـــــەزام بـێ.....؟؟
تـــۆ دەتـــوانـــی، کـــەمـــان پـــڕ لـــەئـــاوازو هـــەور پـــڕ بـــاران بـــێ

سلێمانی

١٥/ ٢٠٠٨/١١

## (مەرگی شیعر و شاعیر)

ئەو ئەستێرەی شەوان بەئاسمانەوە راتسپارد بوو
ئەستێرەی
من‌و تۆبێ
کۆچی کرد بۆ ئاسمانێکی تر
چونکە عشقی تۆی
لەدڵدا نەمابوو

ئەو خانوەی تۆ بەنیازبووی
بیکەیتە ماڵی هەمیشەیی
من و تۆ
فرۆشراوە بەکەسێکی تر
چونکە بەڵێنەکەت
بەجێ نەگەیاند بوو

ئەو بەهارەی تۆ بەڵێنت پێ دابوو
بیکەتە وەزری ژیانی
هەردوکمان

بۆتە وەرزی سەهۆڵبەندان
چونکە دڵت هێندە ڕەق بوو
بەهار لەگەڵ دڵڕەقێکی وەکو تۆدا
نەگونجا بوو

ئەو ڕۆمانەی تۆ بەنیاز بووی
سەرگوزشتەی عشقی
خۆمانی
تێدا بگێڕیتەوە
هەر نەنوسرا
چونکە قەڵەم پەنجەکانی تۆی
جێهێڵا بوو
عشقەکەشت سەرگەردان بوو

ئەو شیعرانەی سەردەمانی بۆ تۆ نوسرا
شاعیرەکەی هەمووی سوتان
چونکە خەونەکانیت
شێواند بوو
هەزار درۆت لەگەڵ شیعرو
شاعیردا کردبوو

ئەو باخچانەی جێ، جێ ژوانی ژیانی
من‌و تۆ
بوو
ئێستا هەمووی پەژموردەیە
چونکە درۆت لەگەڵ سنەوبەرو هەناسەو باو وباران و
ئایندەو
بەهاردا کردبوو

ئەو عاشقەی بەڵێنت پێدابوو
عاشقی بێ‌و تەنهاو تەنها بۆ ئەو بژی
بەڵێنیدا بۆ یەکجاری بەجێتبێڵێت
چونکە ئەستێرەت لە ئاسمانی دڵی تۆران
ماڵ و مەنزڵگاو ژیانیت شێوان
بــــەهـــاری تـەمەنیت کـردە زسـتان
شیعرو رۆمانەکانی گشت سوتان
ئیتر دەبێ باش بزانی
مەرگ‌و مردن‌و سوتانی شیعرەکانی لەئەستۆی تۆدان.
لە ئەستۆی
تــۆدان
لە ئەستۆی
تــۆدان

## (ترس لەچارەنووس)

لەبەد مەستی من قەت مەترسە
چونکە ئەو کات قسەی دڵم ئەکەم

لەتلیاك کێشانی من قەت مەپرسە
چونکە ئەو کات هزرم ئازاد ئەکەم

لەسەفەرو گەڕانی من بەد گومان مەبە
چونکە دڵنیابە ئەو کات زیاتر یادت ئەکەم

لەگومانەکانی من، رامەمێنە
وابزانی دڵم پیسە
بەڵکو ئەوە سیحری عشقە
کە هەمیشە گومانت لێکەم

لە ونبوونی من مەگەڕێ، وابزانی نایمەوە
من وەك بەهارو پایزم
سەوزو زەردم
بۆ بەختەوەری دڵی تۆ، هەر دێمەوە

لەزیزبوونی من، زیز مەبە
وابزانی ناتدوێنم

دڵنیابە
من
پەپوولەو تۆ بەهاری
من
ژیانو تۆ یادگاری

ئەو کات دەبێ لێم بترسی
لێت نەپرسم....!

گومان نەکەم
یادت نەکەم
شیعرت بۆ نەنووسم

ئەوکات دەبێ لێم بترسی:
قسەی دڵم نەکەم
هزرم ئازاد نەکەم

نەتبینمەوە

نەیمەوە

ئەو کات دەبێ لێم بترسی:

عشقت لەدڵ دەرئەکەم

بەیەکجاری و

بەناچاری

مەریوان

٢٠٠٩/٥/١٦

لە رۆژنامەی هەواڵ بڵاوکراوەتەوە

## (يوسف و زوڵەیخا)

نە من یوسف بووم
نە تۆش زوڵەیخا
نەمن خوایەکو نەتۆش ئاسمان
نەمن پایزو نەتۆش زستان
خاوەنی هیچ بووین
بەبێ ئەنجامێك

چەندە رامهێنای
چەند رامم کردی
چەند گریاندمی

من تاوانبارم، تۆش تاوانباری
زادەی عشقێك بووین
شکستمان هێنا، هەر بەناچاری

کەڵڵەرەقی تۆ عشقی سوتانم
بێ بڕوای من، ژیانی فەوتانم

نەتۆ بەختەوەر، نەمن دڵشادم
هەر بەو یادەوە ئەژیم
هەر وای لەیادم.

تۆ چاوەڕێ و، منیش چاوەڕوان
دڵنیام تیشکی خۆری دەم بەیان
جارێکی تر و بۆ ساتێکی تر
هەرگیزاو هەرگیز
ناگاتە لامان

## (خیانەت لەوەرزی پایز)

وەرزێکی ساڵ
چاوەڕێم کردی
تا پایز هات
وتم بەڵکو
بارانی ئەم نەسیمە
هەڵە و تورەبوونەکانت
بشواتەوە

وتم بەڵکو لەم وەرزی
باران بارینە
خۆبداتە بەر
قەدەری خواو
چی دی خۆی
نەخواتەوە

بەڵام شەیتان
لەناختایە
نرجسیەت لە
روحتایە

بێ وەفایی
لەژیانتایە
خواش دەرەقەتی ئەم
ناشیرنیانەی تۆ نایە

بەڵێنت دا
ئەم پایزەم
بۆ دەکەیتە سێ وەرزی
ساڵ
بەڵام هەر سەرەتای ئەم پایزە
هەموو خەونەکانت
کردە مەحاڵ

پایز کاتێ ئارام دەبێ
گەڵای زەردی زیوینی
خاك بیگرێتە باخیەوە
نەك رەشەبا
لوولیان داتە
گۆرستانی ناخیەوە

تۆ خیانەتت لەپایز کرد

گوایە ژیان وەرزی

تۆیە

بۆیە رقم لەپایزە

کەتۆ خیانەتی تیا ئەکەی

چاوەڕێ هیچم لەتۆیە

## (رابردوو؟)

قۆڵ لەقۆڵی دەستگیرانەکەت
بکەرەوە
زۆر لەمێژە چاوەڕێتم
خۆ تۆ بەڵێنت بەمن دا
پێتدەوتم" هەر من خۆڵی بەرپێتم

دڵ لەدڵی دەستگیرانەکەت بکەرەوە
لەمێژە دڵی منت بردوە
خۆ تۆ بەڵێنت بەمن دا
پێتدەوتم" هەموو کەسم بیرکردوە

برۆ ئەلبومەکەت بکەرەوە
یەك یەك لاپەڕەکان هەڵدەرەوە
سەیری وێنەکان بکە
بزانە چەند مێژووت هەیە؟
چەند چیرۆکت بۆ دەگێڕنەوە!
برۆ تاکی دۆلابەکەت بکەرەوە

بزانه
چەند نامەی ڕەنگاو ڕەنگی منی تیایە...!

تاکەکەی ئەولاتر بکەرەوە
بزانه
چەندە زێڕو میکاژی
دیاری سەفەرەکانی منی تیایە...!

چۆن ئەتوانی، قۆڵ لەقۆڵێ
یەکێ بکەی،
یەکی ترت خۆشویستوە؟؟
چۆن ئەتوانی دڵی لەدڵی
یەکێ بکەی
هەزار سوێندت بۆ ئەو خواردووە؟

## (سەفەر)

ئێستاش بۆ ئەو رۆژانە دەگریم
وتت، ئیتر سەفەر ئەکەم

نەمدەزانی،
جێمبهێڵێ، چەند پڕ ژانەو
دەبێ تاسەر چاوەڕوان بم
ئاخۆ کەی بێ، جارێکی تر بە تۆ بگەم

نەمدەزانی،
دەبێ کەی بێ
قەدری پاکیو راستی و
بێ دەنگی تۆ
وەکو قەزوانی ناو تەسبێحێك
یەك یەك
بهۆنمەوەو بیکەمە زنجیرێك
بۆ هەتایە، وەك یادگاری لەملی خۆمی بدەم

نەمدەزانی
بەو سەفەرت
هەرگیز گوێت لەگریانی من نابێ
عیشقی چەندساڵی پڕ دەرد و ژان
بەر ڕەشەبای سارد
دەکەوێ و
بۆ هەتا هەتایە، ئیتر هیچی لێی سەوز نابێ
نەمدەزانی،
زەنگی تەلەفۆن ناتوانێ
ترپەی دڵتم پێ ڕاگەیەنێ و
وێنەی ناو بەفری سپی پۆش
ناتوانێ
گەرمی ڕومەتی تەزیوتم
نیشانبداو
نامەکانت لەدوورەوە لە وڵاتی ساردو غوربەت
بمهەژێنێ و
بمتەزێنی

## (کۆتایی چیرۆکەکان)

تابۆ ئەبەد لە یادت کەم
وێنەکانت ئەدرێنم
یادگاریەکان ئەسڕمەوە
نامەکان ئەسوتێنم
تابزانی عاشق نەبووی
دەبێ سزای عشق بخۆی
چی شیعرێ بۆم نوسیوی
لێی بێ بەریم، پەشیمانم

تۆ نازانی دڵی ناسك چی یە؟
هەستی  شاعیر چەندە جوانە
تۆ نازانی، کێ عاشقە؟
چونکە ژیانت سەرگەردانە
گرنگ نییە بە لاتەوە
کام هەست جوانەو
عشق
بەرەو دابڕانە

تۆ کاتت بەرێکردوە
نەتزانیوە کێ عاشقە
بەڵێنەکانت تەنها
درۆ و دابڕانە
من ئەزانم
وێڵی
بەدوای
خۆشی خۆتدا
ئەوە عشق نییە، بەسەر بردنی رۆژانە
هەزارانی وەك تۆ
دێنو بەناوی عشقەوە
عشق دەکەنو
دەیکەنە پردێكو
بۆ پەڕینەوە
بڕۆ ئیتر بەختەوەربی
با لەسایەی ژیانی تازە
هەموو ژیانت
جێ ژوانو سەیرانو
گەڕانو پڕ سەفەر بێ

## (هەولێر)

قەڵایەك لەم شارەدا
کچێك لەم شارەدا
مێژووی عشقو
وڵات
دەگێڕنەوە
قەڵا وەك
ئەوین
کچ وەکو مێژوو
بۆ ئەبەد دەمێنەوە
ئەم شارەم بۆیە
خۆشدەوێ
"باران" تێدا نغرۆ
نابێ
مانگ تێدا ئاوا نابێ
زریان تێدا هەڵناکاتو
"باز"یش تێدا
ناحەجێ

بەهار کەدێ، لێرەوە
دەستپێدەکات
پەپولە باڵە فڕیانە
ئەوین کەدێ،
لێرەوە دەپشکوێ
راستگۆیانە
چ شارێك هێندە
پڕ "ئەوین"و
پڕ بارانە
هەموو جارێك کە
روودەکەمە
ئەم شارە
دڵم تەنگە
چونکە قەڵا نیگەرانەو
"باران"
جێهیشتوە
ئەوین تەنیاو
سەرگەردانە
بەڵام

دڵنیام
ڕۆژێ دادێ
ئەم شارە پڕ دەبێ
لەباران‌و ئەوین
هەموومان باوەشی
بۆ دەکەینەوە
تامەزرۆیانە
هیچ شك نابەم
لەم شارەدا
بمشواتەوە
بۆیە تەنها داوا لەخوا
دەکەم
"باران" بگەڕێتەوە
چونکە بولبول
چاوەڕوانی بەهارە
دڵی منیش
چاوەڕوانی
بارانە

## (یەکەم دیدار)

### (بۆ نیگا سیحراویەکان و رازە پڕ نازەکان)

یەکەم نیگا
چەندە شێتانەیە
ئەوەندەش عاشقانەیە
یەکەم دیدار
چەندە ساکار و سادەیە
ئەوەندەش خەونی ئایندەیە
لێم بڕوانە
چی نیگای پیرۆزە لە چاومدایە
چی حەسرەتی چاوەڕوانیە لە ناخمایە
دەستەکانت
بدە بەمن
چی ئیلهامی شیعرەکانمە
لەگەرمی تەزووی دەستی تۆدایە
پیانۆیەکەم
پڕ بەگەروی تاساوی
مێژووی ژیانی تۆ
هاوار ئەکەم
دەریایەکم

پڕ بەتوڕەیی
شەپۆلەکانی قەراغ شاخ
هاوار ئەکەم
ڕوتم تێکە
دەستەکانت بدە بە من
تەنها تۆ لەم ئازارانە
تێگەی
ئەم زامانە سارێژ ئەکەی
زۆر لە مێژە چاوەڕێتم
لە یەکەم
شەوە زەنگی تاساوەوە
لە یەکەم
ژانی گریانەوە
لە یەکەم هەنگاوی
جێماوەوە
دەستەکانت بدە بەمن
زۆر  لە مێژە چاوەڕێتم

نەورۆزی ٢٠١٠

## (بەڵێنەکانی ئایندە؟)

### (پێشکەشە بەو بەڵێنانەی کە کۆچ و سەفەر ناکامی کردون)

تۆ بەڵێنت بەئاینده دابوو
کەوەك ئاوێنە
بخزێیتە ناخم
گەروی پڕ گریان و ژانی چەند ساڵەم
ژێرکەیتەوە

وەکو مانگ، سەرزەمینی
دڵی زامو بریندارم
بەمەرهەمی ئەوینی میهرەبانیت
چاك کەیتەوە

تۆ بەڵێنت بەئاینده دابوو
کە وەك دەریا، دەم بنێتە ناخی شاخو
تینویەتی روحی هیلاكو شکستخواردوم
تێر ئاو بکەی

وەکو ، مژدەی تنۆکی شەونم‌و
ئاونگی بەربەیان
برژێتە سەر پێڵووی گەڵای چاوم
تاریکی ناخی دڵی شکاوم
بۆ هەمیشە رام بکەی.

# (جێیت دەهێڵم)

کاتێ   بەتینوویەتی جێتهێشتم
چاوەڕوانی قومێ
ئاو بووم
کاتێ منت لەچاوەڕوانیدا
جێهێلا
تەنیاو بێ سەرپەناو
سەرگەردان بووم
بۆیە منیش
بڕیارمدا
جێتبهلێم
تا تامی تینوویەتی
بکەیو
ئازاری چاوەڕوانی
بکێشی
بەڵام خوازیارم
سەرگەردان نەبێو
بۆ هەتا
تامی دوری
من بچێژێ

## (قوربانی)

ئەم چارەنوسە
شومە کەی
لەکۆڵمان
ئەبێتەوە...؟
ئەم عەزاب و مەینەتیە
کەی دێ
ڕۆژێ
ببڕێتەوە...؟
چاوەڕوانم
ڕۆژێ دابێ
دەست لەملی تۆبکەم و
خۆشەویستی و عشقی تۆ
هەموو ناخۆشیەکانم
بیر بەرێتەوە...؟
خۆ دەشزانم
خۆ دەزانی
چەندە سەختە ئەم

مەینەتیە
بەڵام تاکە ڕێگا
قوربانیە
عشق و خۆشەویستیە
تا جارێکی تر
گشت کوێرە ڕێگان
ئاوەدان بکرێتەوە...!

## (بمبەخشە...؟)

بۆ یەکەم جار
لەبەرامبەر عشقی تۆدا
دان بەوەدا دەنێم
تاوانبارم
گوناهبارم

بەڵام هەرگیز لەسزای خوا
لەبەخشینی
نەترساوم
نەترساوم
گەر ناوم با
کەکافرم
یان دەرمکا لەبەهەشت
سەرسەختانە
وەستاوم

بەڵام بۆ هەمیشە چاوەڕوانم
تۆ لێم ببووری
ئەو کات

دڵنیام
خواش ئەمبەخشێ
بۆیە هەتا ئەمرم
بەوئاهەوە ئەژیم
تۆ بم بەخشی
چاوەڕوانم
چاوەڕوانم

## (باران)

دڵم ئەدەمە دەریاوە
تا تێکەڵ ئاوی
دوکان بێ
گەر خەڵکی پرسیارن
بۆچی
ئەمڕۆ لەجیاتی
ئاو
خوێناو دەتکێ؟
پێیان بڵێ"
ئەوە خوێناوی دڵی
ئەوە
لەدوری من
لەت لەت بووەو
خوێناوی لێ دەتکێ

قەرەداغ
٢٠٠٩/٦/١٢

## (پەشیمانی)

هێندە دڵت ئازار داوم
ئەمجارەیان لێت نابورم
هێندە بەڵێنت پێ داوم
لەبەخشینت پەشیمانم

گەر ئەمجارە گەرامەوە
بەدرۆکانت باوەڕم کرد
دوو تف بکە
ناو چاوانم

هێندە خەونی وەنەوشەییم
بۆ چنی بوی

هێندە خۆزگەی گەورەم
بۆ رنی بووی

گەر ڕێگات دامایە
بۆت بکەمە راستی
ئەوکات دەتزانی

چۆن دەتپەرستم و
دەمپەرستی
بەڵام ئێستا
دواقسەم ئەمەیە
لەناسینت
لەعشق
لەداهاتوت
لەخەون و خۆزگە و رابردووت
لەبەخشینت
پەشیمانم

ئەستەمبوڵ- تورکیا
٢٠٠٩/١١/٣

## (لێم نەبورای)

بڕیارمداوە
نە شیعر و نە وێنە
هیچ پەیامت بۆ نەنێرم
چەند قسەی دڵم هەیە، بۆت
شەقامەکان
رادەسپێرم
ئەزانم منت ناوێ و
ناشتوانی دەستبەردارم بی
بەوەدا
هەرکات نامەیەکت بۆ دەنێرم
پاش دوومانگ
وەڵامێکم
بۆ دەنێری
هەزار جار دانم پێدانا
کەهەڵە بووم
کەچی لێم نابوری
ئێستا دەزانم
کاتی لێبوردن بەسەرچوو
لەخۆشەویستیم
بە پەلە بووم

## (ئەی رەشەبا...)*

"کەوتە مابینمان حەوت کەژو حەوت
کۆ"**
قەدەر لەچارەی نووسیم
دوورکەوتم لەتۆ
پەپوولەیەك بووم، لەدەورتا
سووتام
دەریایەك بووم لەدەورتا
شەپۆلم ئەدا
پایزێك بووم، شیعرم ئەوت
بەبالآتا
کەچی رەشەبایەك هاتو
هەمووی
شێواند
بەسەریەکدا

تاران
٢٠٠٩/٥/١١

*لەئاسۆ بلاوکرایەوە

**دێرە شیعرێکی فۆلکۆرە

## (ساڵێك لەتەمەن)

عشق منی دایە دەستی قەدەر
پەشیمان نیم
لەگریانو فرمێسکی
ساڵێك تەمەن
گرنگ داهاتووە، کێ بەدەستی دێنێ
جوانی عیشقو
باوەشکردن بە پاکیو گەورەیی
زەمەن
دڵنیابە میلی ئایندەی من
خۆشگوزەران دەسوڕێ
چونکە
تۆ تاوانت کرد بەرامبەر
ساڵێك عشق و ، گریان، وەفای
پڕ لە سەمەن

٢٠٠٩/٧/١٤

## (شکست)

"چی بکەم لەم دڵەی
شێتم
تووشی تۆی کردم"
لەعشقو خۆشەویستی
بێ بەریکردم
ساڵەهایەك بوو
چاوەڕوانت
بووم
کەچی سەرئەنجام
مایە پوچ
دەرچووم
عشقێکی وەهات
لەدڵدا چاندم
بێ مایەو ئەنجام
بێ پەنات کردم

## (کۆتایی عشق)

عیشق کەدێ
وەك نوێ بونەوەی
تەمەن وایە
وەك چاوەڕوانی
ژنێکە
بۆ لەدایکبوونی
کۆرپەیەکی
جاویدانی
وەك فرمێسکی
چاوی عاشقێك
پاش چەند ساڵ
چاوی چاوەڕوانی
کە کۆتایش دێ
وەك باڵندەیەکی دیلی ناو
قەفەس لەشەقەی
باڵ ئەداو
ناگەڕێتەوە

## (من چاوەڕێ تۆم)

ئەمساڵ دووساڵە
من چاوەڕێ تۆم
قەت بیرم ناچێ
ڕۆژانی گەڵ تۆم
ئێستاکە تەنیام
هەرخۆم و هەرخۆم
قەت بڕیار نەبوو
کۆچ بکەی بۆ دوور
نامەم بۆ بنێری
بڵێ خواحافیز
ئێستا دەزانم
نێوان من و تۆ
سەخت و دژوارە
تۆ بۆخۆت بژی
ژیان ئەزمونە
یادەوەری تۆ
وێنەکەی خۆتە
لەناو مۆبایلەکەم
هەمیشە میوانە

## (کچێکی پاییزی)

### (پێشکەشە بەو کچە رەنگ پاییزییەی  لە حەوا دەچوو)

تۆ لەژن ناچی ، ئەی فریشتە
دوری لەسیحری حەوا
تۆ لەخیانەت ناچی
پڕی لەپاکیزیی خوا

تۆ لەسەفەری دور ناچی
پڕی لەتوێشوی عیشقو گەڕانەوە
تۆلە قینو تۆڵە ناچی
پڕی لەناسکی (پەروانە)و وەرزی ژیانەوە

تۆ لەشەپۆلی تورەو تۆسن ناچی
وەکو کەنار وای بەسنگی شاخەوە
تۆ لەئازاری گریانی چاوی غەدرلێکراو ئەچی
وەکو شەونم وای بەلقو گوڵی باخەوە

تۆ وەك وەفا وای لەمێژووی مندا
تۆ وەك هەناسەی لەروحی مندا

## (یادەوەرییەکانی من و تۆ)

خوازیار نەبووم
بتبینمەوە
خوازیار نەبووم
رووبەڕوو بەلاتەوە دانیشمەوە
خوازیار نەبووم
نیگام لەنیگات بڕوانێ
تا
رابردوو بۆم ببێتە چاوەڕوانی
ئێستاش
کەبیر لەتۆ ئەکەمەوە
هەزار یادو بیرەوەری
توێ توێ
زام لەدڵم ئەکەنەوە

*  *  *

هەزاران خەونم لەچاوانتا
هەڵگرتبوو
بۆتوێشوی  ئەم عشقە پڕژانە
منیش وەك تۆ
خوازیار نەبووم

**بەیادی دوریت بژیم**
**پێش ئەوەی تەمەنم بتۆرێ**
**بەرلەوەی**
**هەموو رۆژێ تۆ لەدایك ببیت**
**روانیننت خوێندنەوەم دەبێت**
**لەلای دەنوم**
**لەناکاودا رائەچلەکێم**
**کاتێك دایکم بانگم دەکات و پێم دەلێت؛**
**ئەرێ رۆلەکەی خۆم**
**تۆی دلدار**
**ناگەی بەوەی خۆشتدەوێ**
**سەرمەستانە بیری مەکە**
**وێنەکانی**
**بە حەسرەتەوە سەیر مەکە**
**دلت ئاگادار بکە و**
**رووومەتی شانە بکە**
**تاوەکو بەشکم**
**لە ناو هەورە سپیەکاندا لە ئاسماندا**
**هێلانەیەك پڕ لە خۆشەویستی بینا بکەن**

**٢٠٠٩/٥/١٣**

**ئەم شیعرە بەهاوبەشی بازگرو ولات نووسراوە**

## (یادەکانت)

ئێستاش
یادەکانت
بۆنی قژی
خاوت
وەك هەناسە
هەڵدەمژم
چ سەختە
دوری لەتۆ
چ سەختە عشقی
بێ تۆ

## (شاری بیرەوەری)

(بەشاری عشقی تاساو پێشکەشە)

جاران رقم لەمشارە بوو
ئێستا بەقەد تاران
لەلام جوانە
جاران رقم لە خەسوو بوو
ئێستا بەقەد دایکم
میهرەبانە
جاران بڕوام بە عشقی
تۆ نەبوو
ئێستا شارەکەشت
ئەپەرستم
جاران هەرگیز
لەم شارەدا
روم نەدەکردە
مەیخانە
کەچی ئێستا
هەمیشە سەرمەستم

جاران چەندە گەڕای
بەشوێنمدا
ئاوریشم لێ نەدایتەوە
ئێستا چەندە عەودالی تۆم
ئاوریشم لێ نادەیتەوە
ئێستا بۆ من
جارانی تۆ و
جارانی تۆش
ئێستای منە

هەولێر
٢٠١٠/٣/١٤

## (دڵ شکان)

تەنها لەبەر ئەوەی
خۆشمدەوێ
لێت نابورم
خۆ لەدەیان کەسی تر
بوراوم
کە لەتۆ زیاتر
لێیان رەنجاوم
بەڵام هیچ کەس
وەکو تۆ
دڵی نەشکاندوم
هیچ کەس وەکو تۆ
دڵی لێ نەستاندوم
بەڵام مەسجێکت
درۆیەکت
نهێنیەکت
هەمووی
لێ شێواندم

بەیروت– لوبنان
٢٠١٠/٥/٢٣

## (ئەوە منم)

نە دەتوانم لە بیرت کەم
نە جارێکی تر
خۆشمبوێ
یادگارییەکان
جارجارێك
دەمگرێنێ و
رابردووشت
دەمتاسێنێ
بەڵام
دڵنیابە
هیچ کارەساتێ
خەیاڵی تۆم
لێ ناستێنێ
چونکە ئەو
ئاواتەی لە دڵمدابوو
کە ئێستا هەر بۆخۆم
تا من بمێنم
پەرە دەستێنێ

دیمەشق– سوریا